## قەیچێکە هەرچۆنێک بێت لەسەردەمی سەدام باشترە!.. ئەفسانە

جێی سەرنجمە هەر ئەوەندەی بەرپرسێکی حیزبی دەیەویت قەناعەتمان بەبابەتێکی حیزبەکەی پێبکات، بێ سێو دوو یەکسەر ڕژێمەکەی سەدامی گۆڕبەگۆڕمان بیردەخاتەوە و دەفەرموێت 'بەڕاستی با بیرمان نەچێتەوە لە سەردەمی سەدامدا چۆن دەژیاین'.. 'ئەو کاتە ئازادیمان نەبوو'.. 'ئەو کاتە کەس نەیدەوێرا بە ئاستەمیش ڕەخنە بگرێت'.. 'ئەو کاتە هەمووومان ژێردەستە بووین'.. 'ئەو کاتە و ئەو کاتە'.. هەڵبەتە ئەو قسانە شێوە ڕەواییەکیان تێدایە، بەڵام هاوکات خۆ دزینەوەیەکی ئاسان و موحتەرەمانەشە لە هەموو ئەو کێشانەی کە ئێستاکە پارتە کوردیەکان ڕووبەڕویان دەبنەوە..

بۆ نمونە؛ گەندەڵیمان هەیە.. ئەوانیش دەڵێن؛ قەیچێکە هەرچۆنێک بێت لەسەردەمی سەدام باشترە!
نمونەیەکی تر؛ خزمەتگوزاری لەشارەکاندا گەیشتۆتە ژێر سفر و بەستویەتی.. ئەوانیش دەڵێن؛ قەیچێکە هەرچۆنێک بێت لەسەردەمی سەدام باشترە!

من مەترسی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەبینم؛

1. هەتاهەتایە پارتەکان دەتوانن وەک پاساوێک بەکاریبهێنن و لەو ڕێگایەوە سوک و باریک خۆیان لە هەموو بەرپرسیاریەک قورتاربکەن، هەر بۆ نمونە لەبارەی گەندەڵیەوە..
2. بەو شێوەیە زۆر بە ئاسانی دەتوانن لەهەموو بارێکدا درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن و لێرەشەوە مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە ئەو کۆرپە دیموکراتیە بمرێنن کە هێشتام سەری لە هێلکەکەدا نەجوقاندوە..

بەڵێ بەڕێزان هەموومان دەزانین سەردەمی سەدام و ڕژێمەکانی پێشوتر چۆن بوو، هەر لەبەرئەوەش ئەم قسانە دەکەین کە کەرەتێکی تر دیکتاتۆرێکی ترمان لێ قوت نەبێتەوە و وەک ئەوانی پێشووتر بمانخوات.. دوای ئەوەش ئەو میلەتە بەهەزاران شەهیدی لەبەر ئەوە نەداوە کە کۆمەڵێک مەسئول بیخۆن و گەلیش بەدەمی برسیەوە لێتان بپاڕێتەوە و داوای پارچە نانێکتان لێبکات، هەمیشەش پێمان بڵێن ئێستامان باشترە لە ڕژێمی پێشوتر.. مافی گەل واتە مافی گەل.. بەکورتی و کوردی مەسئولێکمان ناوێت کە گیرفانی لە دڵ و مێشکی گەورەتر بێت..
ئەو هەموو شەهید و خوێنە لەبەرئەوە ڕژاوە کە ئازاد بین، کە مافمان نەخورێت، کە کۆمەڵگایەکی مەدەنیمان هەبێت، کە ئومێدمان هەبێت لە پاشەڕۆژدا وڵاتمان هەبێت.. کە نەوەکانی داهاتوومان وەک ئێمە بەدیلی لەدایک نەبن و بەدیلیش سەرنەنێنەوە.. ئیتر بەس پێمان بڵێن ڕژێمی سەدام چۆن بوو و چۆن نەبوو، بەڵکو وەک دەسەڵات بەرپرسیاری خۆتان بنوێنن و چارەی گلەیی و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**گازندە و کێشەی ئەو خەڵکە بکەن.. چیتر بەبیانوی ئەوەی ئێستاکەمان لە ڕژێمی پێشوتر باشترە، خۆتان لە هەموو بەرپرسیاریەکی سەرشانتان مەدزنەوە..**
**نمونەیەکی تریشم بیرکەوتەوە؛ هەزار شەهادەت هەبێت، هەتا پشتگیریەکی قەڵەو نەهێنیت تەعین ناکرێیت.. قەیچێکە هەرچۆنێک بێت لەسەردەمی سەدام باشترە! چونکە ئەو کاتە پێیان ئەگوت 'ئیمزا' و ئێستاکە پێی دەڵێن 'پشتگیری'.. کەواتە سڵاوێکی گەرمتان لێبێت!**

26.11.2005

[afsane1@myway.com](mailto:afsane1@myway.com)

PDF created with pdfFactory trial version [www.pdffactory.com](http://www.pdffactory.com)